هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

www.keodd.org

ژمارە: ٢
ڕۆژ: ١٢ / ٢ /٢٠١٩
No:
Date:


# بڕیاری ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەبەرواری (١٢ / ٢ /٢٠١٩) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ( ٥٢ ) پەنجا و دوهەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧ ) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندام ئاماژە بە نوسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین ژمارە (٢٩) لە (٢٠١٩/٢/٣) بڕیارماندا بە:

١. هەڵبژاردن و پاڵاوتنی بەڕێز ( حسين محمود أبراهيم) بۆ پۆستی قائیمقامی قەزای ڕانیە لە ئیدارەی ڕاپەڕین پاڵپشت بە خاڵی (١) بڕگەی (٢) لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥)ەی پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

٢. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١٢.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.

٤. بە دەنگی ( ٣٠ ) ئەندام پەسەند کرا.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

KANY


ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

No: ژمارە: ٣
Date: ڕۆژ: ١٢ / ٢ /٢٠١٩

## بــڕیاری ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئاماژە بە ماددەی (٦) شەشەم برگـەی (٥) پێنجەم لـە هـۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١٢ لە کۆبونەوەی ئاسایی (٥٢) پەنجا و دووهەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٧) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندام

بڕیارماندا بە:

١. بــە هەموارکردنــەوەی ئـەو برگــە و مادانــەی کــە پێویســتە لــە پــەیرەوی نــاوخۆی ئەنجومــەنی پارێزگـــای ســـلێمانی ئاماژە بە برگەی (٥) ماددەی (٦)ی پەیرەوی ناوخۆ ساڵی ٢٠١٥.

٢. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١٢.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.

٤. بە دەنگی ( ٣٠ ) ئەندام پەسەند کرا.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

KANY

ژمارە: ٤
رۆژ: ١٢ / ٢ /٢٠١٩

No:
Date:

# بڕیاری ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەبەرواری (١٢ / ٢ /٢٠١٩) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ( ٥٢ ) پەنجا و دوهەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧ ) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندام

بڕیارماندا بە:

١. جەخت دەکەینەوە لە بڕیاری ژمارە (٦) لە ٢٠١٦/٤/١٢ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە کردنەوەی ئەژماری بانکی بۆ مووچەخۆران.
٢. پێشنیاری هەرسێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگارەکانی هەرێم لە کۆبوونەوەی (٢٠١٧/١/٧) لە باڵەخانەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بۆ هەمان مەبەست.
٣. پێشنیاری پەلەکردن لە دەست پێکردنی قۆناغی دووەمی سیستەمی بایۆمەتری.
٤. دیاریکردنی بڕی پاشەکەوتی مووچە هیچ خەرجیەک ناخاتە سەر دارایی حکومەتی هەرێم.
٥. پێشنیارمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی بە ئامادەکردنی میکانیزمێک بۆ دیاریکردنی بڕی پاشەکەوتکراوی مووچەخۆران.

* ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠١٩/٢/١٢ .
* لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.
* بە دەنگی (٢٧) ئەندام پەسەندکرا.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

KANY

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

**Kurdistان Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

No:
Date:

ژمارە: ٥
ڕۆژ: ١٢ / ٢ /٢٠١٩

www.keodd.org

ڕۆیشتوو
ژمارە:
ڕۆژ:

# بڕیاری ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەبەرواری (١٢ / ٢ /٢٠١٩) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ( ٥٢ ) پەنجا و دوهەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧ ) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندام

بڕیارماندا بە:

ئاراستەکردنی ئەم پێشنیازانە بۆ بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کەڵەکەبووی قەرزی سندوقی نیشتەجێ کردن.

١. ڕاگرتنی مامەڵەی یاسایی بەرامبەر هاوڵاتیانی بەشداربوی پڕۆژەکان.
٢. هیچ غەرامەیەک نەخرێتە سەر ئەو بڕە کەڵەکەبووەی کە هۆکارەکەی قەیرانی دارایی بووە.
٣. ئەو بڕە قەرزەی کەڵەکەبووە لەسەر بەشداربووان دابەش بکرێتەوە بەسەر ئەو ساڵانەی لەسەریان ماوە بۆ گەڕانەوەی قیستەکان.
٤. گۆڕانکاری لە ناوی کەفیلەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ڕێگە پێدراو بێت.
٥. درێژکردنەوەی ماوەی گەڕانەوەی قەرزی نیشتەجێ کردن بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی ناوچەکان لەبەر ئەوەی قەرزی وەرگیراو بڕەکەی جیاوازە لە هەندێک لە ناوچەکان.

* ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠١٩/٢/١٢ .
* لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.
* بە دەنگی (٢٧) ئەندام پەسەندکرا.

ئازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

KANY

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

www.keodd.org

No: / ژمارە: ٦
Date: / ڕۆژ: ١٠ / ٩ /٢٠١٩

# بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەبەرواری (١٠ / ٩ /٢٠١٩) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ( ٥٤ ) پەنجا و چوارەمینی خۆیدا، بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٦ ) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن، ئاماژە بە ماددەی (٣٤) لە یاسایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٩)ەی بۆ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەرکرد بە درێژکردنەوەی ئەم خولەی ئەنجومەن تا خولی هەڵبژاردنی داهاتوو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١. پێشنیازمان بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥) هەموارکراو بۆ فراوانکردنی سنووری گوندی (بێستان سوری گەورە) لەسەر بەشێک لە پارچە زەویەکانی ژمارە (٢/١١، ٥١، ٢/٥٥، ٣/٥٥، ٣/١٦)ەی کەرتی (٢٤) لەسەر داوای بەڕێز پارێزگاری سلێمانی بە نوسراویان ژمارە (٤٧٢٧) لە (٢٠١٩/٤/٢٨) بە ڕووبەری (١٩.١٥) دۆنم.

* ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠١٩/٩/١٠ .
* لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.
* بە دەنگی (٢٨) ئەندام پەسەندکرا.

**ئازاد محمد أمین**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

KANY

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
ناونیشان: سلێمانی - ڕێگای سەرەکیی سلێمانی - تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی<br>کارگێڕی | Kurdistan Region – Iraq<br>Slemani Provincial Council | أقليم كردستان - العراق<br>مجلس محافظة السليمانية<br>الأدارة |

ژمارە: ٧
ڕۆژ: ١٠ / ٩ /٢٠١٩

No:
Date:

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەبەرواری (١٠ / ٩ /٢٠١٩) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ( ٥٤ ) پەنجا و چوارەمینی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٦) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن.

پاڵپشت بە بڕگەی (٨) لە ماددەی شەشەمی یاسایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری یەکەم ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٩)ەی بۆ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق دەرکرد بە درێژکردنەوەی ئەم خولەی ئەنجومەن تا خولی هەڵبژاردنی داهاتوو، بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١.پشتگیری لە بە سیستەمکردن و ئەلیکترۆنیکردنی دام و دەزگاکان و مامەڵەی هاولاتیان دەکەین لە بەرژەوەندی گشتی و گرێبەستەکە بەکێ بەرکێ بێت.

٢.بۆ بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دادی هەرێم پێشنیاز دەکەین ئەم گرێبەستەی لە نێوان وەزارەتی داد و کۆمپانیای (INFORR) کراوە هەڵبوەشێتەوە و داڕشتن بۆ گرێبەستێکی نوێ بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکان و ڕەزامەندی بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەپێی نوسراوی ژمارە (٨٠٩)لە ٢٠١٩/٢/١٣.

٣.بەپێی بنەمای سەروەری یاسا و دەستوری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) لە ماددەی ( ١٩ ب ١) کە دەڵێت ناکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکار باج و ڕسومات فەرز بکات و سزای هاولاتیان بدات بەبێ یاسا باشتر وایە پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاری لە ڕسومات بکات کە لە یاسایی ژمارە (١٣٥)ی ساڵی (١٩٧١)ی عەریزە نووسەکان هاتووە.

٤.بەپێی یاسای ناوبراوی سەرەوە لە ماددەی (٤.٣) پێدانی مۆڵەتی عەریزە نوسین لە دەسەڵاتی دادگاکانە، پێمان وایە ئەمە دژە لەگەڵ کارکردنی عەریزە نوسەکاندا کە ئەو مافەیان لێ وەربگیرێتەوە و بدرێت بە کۆمپانیایەکی تایبەت .

٥.لە گرێ بەستەکەدا پارەیەکی زۆر دیاری کراوەبۆ فۆرم پڕکردنەوە کە بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینارە لەسەر پسوڵەکە کە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی دادی لەسەرە.

* ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠١٩/٩/١٠ .

* لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.

* بە دەنگی (٢٩) ئەندام پەسەندکرا.

**ئازاد محمد أمين**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

KANY